## پورە (حەبێ) ... پشکۆ

ئەودەم وچاوەت کە چرچە نەقێی ڤیتامینیە
ئەومل و شانەت کە گێڕە سەبەب گۆزەی کانیە
تۆ هەتا ئیستاش مەکینەی قیمەکەت هەر هەندلە
هەموو دەرمان و میکیاجت مێخەک وسمڵ وکلە
فەقەرات وپشتی کۆمت دەردی گسکی دەستیە
ڕاکە تاکوو جێگە ماوە دەرچۆ لەو بەد بەختی
حاجەت و جل شۆردنە وا پێستی دەستی بردوە
فرەی پەرەمێزی نانە گوێچکەتی کپ کردوە
ئەمەندە بات دا تەشێکەت وا پروزەت لێ برا
نابینی خاتونی میمزات چۆن بە دوو ساڵ هەڵگرا
ڕۆژلە دوی ڕۆژجوان ئەبێت ئەم وەک شەرابی کۆنە ساڵ
تۆش وەکوو پۆڕی خوراوی هەر دە مانگ و یەک مناڵ
ئەمەندەخۆت ڕەتان تاکو بوی بە دووهینی هەلاج
ڕۆژێ نەت دی ڕاکشانی سەرلمی بەحر و مەساج
وەرە ڕاکە بە گوێی من کە ئەو ژیانەت هەرنەوێت
بۆ تەماتە هەڵبژاردن بۆ (*بلە) لێت تورە بێت
دوێنێ هەروەک شکلەمە ئەمرۆکە عەینەن نانی جۆی
گاوسی باخی بەهەشت بوی ئێستا وەک بەگریق ئەڕۆی
بۆلەشی ناساغی تۆیە جەرگی پشکۆ ژان ئەکا
لێرە شەستە و شۆرت لە پیایەو بەیانیان ڕا ئەکا

(*بلە) برایمی بەقاڵ